پارێزگاری هەولێر دەوامی فەرمانگەکانی بۆ مانگی رەمەزان کەمکردەوە



بۆ رێزانی مانگی رەمەزانی پیرۆز، دەوامی فەرمی فەرمانبەرانی سەرجەم دام و دەزگا حکومییەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر بۆ ماوەی یەک کاتژمێر کەمکرایەوە.

ئەمە یەکشەممە ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر لە راگەیەندراوەکدا دەڵێت: بەبۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پیرۆز، دەوامی فەرمی فەرمانبەرانی سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەت لە سنووری پارێزگاکەمان لە مانگی پیرۆزی رەمەزان بۆ ماوەی یەک کاتژمێر کەمدەکرێتەوە.

رونیشیکردوتەوە کە کەمکردنەوەکە بەجۆرێکە نیو کاتژمێری لە کاتی بەیانیانە و نیو کاتژمێری دیکەش لە کاتی تەواو بوونی دەوامی فەرمی فەرمانبەران دەبێت.